# به هیوای ئەوەم کە دەربارەی لادێ بنووسم وەکو چۆن دەربارەی گەڕەك نووسیم.
# گفتوگۆ لەگەڵ نەجیب مەحفوز

*و: سەنگەر زراری*
Sangarz81@yahoo.com

**ئەم چاوپێکەوتنە زۆر گرنگ و پڕ بایەخە, چونکە لەگەڵ کەسایەتییەکی گرنگ و بایەخدارە, دەرفەتێکی کەممان بۆ رەخسا, بۆیەش کەمێکمان لێی دووریبیەوە, بەڵام ئەمە بۆخۆی سەروەت و بەرهەمێکی زۆرە کە میوانەکەت ئەدیبی گەورەی جیهانی (نەجیب مەحفوز) بێت. جیهانی چیرۆك و رۆمانەکانی ئەو لە دەریایەك دەچێتی کە شەپۆڵ دەدات و پڕە لە دوڕو گەوهەر.. سەفەریشی لەگەڵ داهێنان و نووسیندا کە حەوت دەیەی خایاندووە, بە دیارکەوتنێکی گرنگ و بونیادێکی مەزن بوو لە رۆمانی عەرەبیدا, وەرن با بەرهەمەکەمان بدوورینەوەو بچینە ناو گفتوگۆکەمان.**

**پێم گوت: سەلامی خوات لێبێ بەرێزم.**

**پێی گوتم: سەلامی خوا لە تۆش..**

**هەندێ شت تووشی سەرسوڕمان و شڵەژانیان کردم, من کەسێکی زۆر گەورەم لەبەردەستدایە کە سەرسامی کردووم, هەروەکو چۆن ئەو کەسانەشی سەرسام کردووە کە لەدەرەوەی ئەم بەڵەکۆنەیەدان.**

**بە دەنگێکی بەرز پێم گوت: دوای ئەوەی کە ئەدیبی گەورەی ئێمە زیاتر لە (50) رۆمان و چیرۆکی پێشکەش بە کتێبخانەی عەرەبی کردووە, چ کارێك تا ئێستاش لە کارە ئەدەبیەکانی تۆ کەمەونییە؟**

**..کەمێك بێدەنگی...**

**بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوتم: بە هیوای ئەوەم کە دەربارەی لادێ بنووسم وەکو چۆن دەربارەی گەڕەك نووسیم.**

**پێم گوت: ئەی بۆچی هەوڵت نەداوە زیاتر لە لادێ نزیك ببیەوە, بۆ ئەوەی شتی زیاتر لە بارەی رووکاری لادێ بزانی؟**

**پێی گوتم: کارێکی زۆر زەحمەتە.. ئەگەر مرۆڤ خۆی لە لادێ نەبێت ناتوانێ ناخ و قوڵایی لادێ و نهێنییەکانی ئاشکرا بکات.**

**پێم گوت: ئایا تەنها یەك سەردان بەس نییە؟**

**پێی گوتم: ئەگەر چووم بۆ لادێ دەبمە مرۆڤێك روو لە بینین وەردەگێڕم و وەکو ئەوەم لێدێ کە لە ئەستێرەبەکی دیکەدابم, هەروەها بوونیشم پرسیاری زۆر دەربارەم دروست دەکات, دوای ئەوە من ناتوانم دەربارەی شتێك بنووسم کە ئاگام لێی نییە, یان بەباشی نایزانم, بۆیە هەردەبێ هەموو بینین و بیستن و وردەکاری و رووداوەکان تێکەڵ بکەم, شوێنەکە بزانم و دەربارەی بنووسم, ئەوکاتەش کە تیایدا دەجولێمەوەو ئەو خەڵکانەش کە تەعبیریان لێدەکەم.**

**..بەتەواوی وایە..**

**پێم گوت: کەواتە تەنها سەفەرێ..**

**تەنها سەفەرێك بۆ شوێنێك بۆ نووسینی ڕیپۆرتاژێك یان ڕاپرسیەك دەبێ.**

**پێم گوت: وەکو دەڵێن تۆ لە گەنجیدا کتێبی زانستی و فەلسەفیت خوێندۆتەوە, پاشان بووی بە ئەدیب... چۆن؟**

**پێی گوتم: چوومە ناو خوێندنی هونەرو بە ئەدەب درێژەم پێدا, پاشان دەستمکرد بە هونەری شێوەکاری و وێنەگری و پەیکەرتاشی و بیناسازی, ئینجا مێژووی هونەری فیرعەونی و ئەغریقی و چاخی رێنسانس و چاخی نوێم خوێندەوە, لە هەمووشی گرنگتر, من بە پێی ئامۆژگارییەکانی (عەقاد) کارم دەکرد.**

**پێم گوت: گوتت (عەقاد) ئامۆژگاری کردووی, بەە تێڕوانینی تۆ چۆن دەروانیتە توانای (عەقاد) لە خەلقکردنی داهێنانی فیکریدا؟**

**پێی گوتم: ئەو خاوەنی یەکەم چیرۆکی شیکردنەوەی دەروونییە, کە (سارە) بوو و وای لە فەیلەسوفێکی وەکو (برناردشۆ) کرد کە بڵێت: لە ژیانمدا لەوە جوا نترم نەخوێندۆتەوە.**

پێم گوت: ئەی تۆ شیعر یان هۆنراوە دەڵێیت؟

پێی گوتم: کە گەنج بووم خولیام بۆی هەبوو, شیعری بە کێش و سەرواو دەنووسی, کاتێ کە پێم گوترا ئەم دێرانە کەم و کوڕیان هەیە, شیعرم بە تەواوی لە کێش و یەروا ئازادکرد.

پێم گوت: بە تێڕوانینی تۆ کێ یەکەم کەس بوو کە شیعری ئازادکرد.

پێی گوتم: من یەکەم کەس بووم کە لەساڵی (1925)شیعرم ئازادکرد, من پێشەنگی قوتابخانەی شیعری بێململانێم.

سەرچاوە:

لە ئینتەرنێتەوە